ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# لاله کورده لەزەمانی دانوستانیشا ئاش بەتاڵ هەس

**محمد عزيز**
**rasosy@yahoo.com**

ئەگەر سەرژمێری شۆڕشەکانی کورد بکەی،لەوانەیە لەژمارەی دانیشتوانی هەندێك ولاّت زیاتر بن،ئەگەر سەرژمێری شەهیدو بێ سەرو شوێنەکانی بکەی بۆت دەردەکەوێ کە بەدەیان نەتەوەی زیندووی دنیا هێندەیان قوربانی نەداوە بۆ گەیشتن بەسەروەری نەتەوەییان، ئەگەر بە کەلەپوورو ئەدەب ورۆشنبیریش بێ ،کوردان سەرەڕای ماڵی خۆیان مالی عەرەب وتورك وفارسیشیان ئاوەدان کردۆتەوە .ئەگەر بە دەوڵەمەندی ولاّت بێ،نەوتی یەدەگی کەرکوك لەکۆی نەوتی یەدەگی ولاّتانی مصر وسوریاو یەمەن زیاترە، ئەگەر بەگرنگی شوێنی جوگرافی بێ، کوردستان دڵی رۆژهەلاّتی ناوەراستە ، لەگەڵ هەموو ئەم جیا کەرەوانەشدا، نەتەوەی کورد چەندین سەدەیە دەستەویەخەی شەڕی پاراستنی مانەوەو چەسپاندن وبزرنەکردنی ناسنامە رەسەنەکەی بووە .بەڵێ مخابن بەدرێژایی ئەو مێژووە کە پریەتی لە مەینەتیو قوربانیو ئازایەتی و هەل بۆرەخسان،بەلاّم بەداخەوە کە لاپەرەی رەشی ناپاکیو بەرژەوەندی تایبەت زالّکردن بەسەر بەرژەوەندی نەتەوەییدا، پرە لە نسکۆی بێهەلسانەوەو بێ پاساو. پرە لەئەزمونی تالی ساویلکەییو خۆشباوەری و زوو فریوخواردنی سەرانی ئەم نەتەوە،پرە لە ناتەباییو خۆخۆری و دوژمنایەتی یەکتر ،ئەم دیاردانەش هەر لەوەتی باپیرانی ئەم نەتەوە لەبەر ناتەباییيان هەر جارەی تیرەیەکیان لە ئاسیای ناوەراستەوە هاتۆتە ئەم ولاتە، هەر تیرەیەکیش هاتبێ، بۆتە هاوپەیمانی دوژمنی تیرە ئامۆزاکەی خۆی ، هەربۆیەش باپیرانی کورد وەك ئاشوری وبابلی وسۆمەری وفارسەکان نەیان توانیوە ببنە خاوەنی ئیمپراتۆریکی بەربلاّوی بە دەسەلات و لەدەولەتی بچووك تێپەریان نەکردوە ،بۆ ئەمەش نموونە زۆرە وەك کاسیەکان وگوتیەکانو میتانیەکان ولولویەکان ،میدیەکانیش دەولەتێکی کوێرو بێ قەلەمیان دروست کرد و دژایەتی ئاینی زەردەشتیان کرد ،لەبەر ئەو دوو هۆیە پارسەکان هەرزوو جلەوی دەسەلاتیان لێسەندن .

لە سەردەمی ئیسلامیشدا کورد لەبەر ئەو هۆکارانەی باسم کردن هەر بە پاشکۆیی مانەوە و وەکو نەتەوەکانی تر نەیانتوانی هەلی ناکۆکیە دووردریژەکانی ئەمەوی عباسیو سلجوقیو عوسمانیو سەفەویەکان بقۆزنەوە و کیانێك بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن ، دوای شەری یەکەمی جیهانیش کە زۆر میللەتی بەشخوراو بوونە خاوەن قەوارە ،کەچی کورد مالّی لەجاران وێرانترو پارچەپارچەتر بوو و بوو بە ئاردی ناو دڕکان ،سەرەڕای ئەم هەموو شۆرش و قوربانیە هەول وماندووبونی بەهۆی ناشایستەیی سەرکردایەتی سیاسییەوە هەر بیست ساڵ جاریك تووشی ئاش بەتال دەبێو دەچێتەوە سەر ساجی عەلی . ئەمە دیاردەیەکی زۆر ناوازەیە کە دەبێ زۆر لە زانا دەروونزان وکۆمەلناسەکانی دنیا هەلّوێستە لە بەرامبەر ئەم نەخۆشیە کوشندەدا بکەن ،یان سەرانی کوردو خواپێداوانی کورد کە دەچنە ئەوروپا پێش هەموو شتێك سەرێك لە پسپۆڕێکی دەروونناس بدەن تاکو دەردی خۆیان ومیللەتەکەیان چارەسەر بکەن . زۆربەی

پسپۆرانی بواری سیاسەت پێیان وابوو عیراقی دوای كەوتنی صەدام دەبێتە لوبنانێكی ترو بۆماوەی ١٥ ساڵ شەڕی ناوخۆ دەبێو وەك كوردستان چەندین جەولەی شەری خۆكوژی دەكرێ، بەڵام خۆشبەختانە ئەم بۆچوونە هەڵە بوو، ئیستا ئەمریكا بە هەموو هێزێكی خۆیەوە بە بەكار هێنانی ابو مصعب زەرقاوی دەیەوێ تەنیا جەولەیەكی شەری خۆكوژی لەناو شیعەو سوننە دروست بكا ،بەلام نەیتوانیوە . بۆیەش دەلێم زەرقاوی پیاوی ئەمریكایە چونكە هەر رۆژەی مەزارو هێماو كەسایەتی لایەنێك دەكوژێ تا رەوشەكە ئالۆز بكاو ببێتە پاساوی مانەوەی ئەمریكیەكان هەر ئەمەشە كە تا ئیستا زەرقاوی بە چالاكی هێشتۆتەوە ئەگەر نا زەرقاوی ئەو كێوە بلندە نییە بەكەس نەگیرێ ولە گیرانی صەددام زۆر ئاسانترە.

هاوكێشەی سیاسی ئەمرۆ هاوكێشەیەكی ئالۆزە ،پڕە لە فروفێڵ و رۆل دابەش كردن و شەڕی تەكتیكی و لێدوانی دوو فاقە و رێك كەوتنی ژێر بەژێری وپاشقوول لە دوژمن گرتن ، بەلاّم ئایا لەناو كوردا ئەم بنەمایانە رەچاو كراون بۆ قۆستنەوەی هەلە رەخساوەكان بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی؟ ئەوەتا شیعەكان ئەمیبا ئاسا خۆیان دابەش كردووە بۆ: شیعەی علمانی وەك چەلەبی و عەللاوی -شیعەی ئیسلامی میانڕەو كە لە ئەنجومەنی بالاّی شۆرشی ئیسلامیو حزبی دعوەو حزبەكەی عزالدین سەلیم وتەقی مدرسی خۆی دەنوێنێ -شیعەی توندرەو كەلە مقتدی صەدر خۆ دەنوێنێ -مەرجەعیەتی سیستانی كەهەموو ئەم رەوتانە ئاراستە دەكا ، ئەمانە هەموویان لە بنەرەتدا یەكن ،بەلاّم كە سیستانیو صەدرو حەكیم كە هەمووشیان لە نەجەفن كە یەكتر نابینن و سەرزارەكی پەیوەندیان خۆش نییە ،یان كە چەلەبی یەكەم پیاوی ئەمریكایەو ژێربەژێریش هەر لەگەڵ ئێرانەئەمانە هەموو شەرێكی تەكتیكی لەگەڵ یەكتر دەكەن و تیایدا جۆرەها سیناریۆ بەكار دێنن ،بێگومان لەو مەیدانەشدا بێدەستكەوت نەبوون و رۆڵێكی باشیان بۆ خۆیان دەستەبەر كردووە، ئەوەتا دوای ئەم هەموو سووربوونەی ئەمریكا لەسەر دەستگیركردنی مقتدی صەدری زەرقاوی شیعەكان ،ئیستا نەك هەر وازی لێ هێنرا ،بەڵكو رێگەی چاپ كردنی رۆژنامەی حەوزەشی پێدرایەوە ئەوەی جێی تێرامانی وردە ئەوەیە كە لەرۆژی مۆلەت دانەوە بەچاپ كردنەوەی حەوزە ،هەر لەهەمان رۆژ عەلاوی دەستور دەداتە فرۆكەكانی هاو پەیمانان كە ماڵێك لە فەللوجە خاپور بكەن و ١١ كەس بكوژن ، ئەمەش هەمان پەیامی ئەمریكایە كە لەرۆژی —عاشورای پیرۆز-ویستی شیعەكان —استفزاز- بكاو پەلكێشی شەری ناو خۆیان بكا .بۆ ئەمەش زەرقاوی چەندین مەزاری شیعەكانی تەقاندەوە.بەلاّم كە دوێنێ شیعەكان ئەم پەیامەیان جێبەجێ نەكرد ،ئەمرۆ عەللاوی هەمان رۆلی زەرقاوی بۆ ئەمریكا گێڕا —جا بزانێ یان نەزانێ- بە استفزاز كردنی سوننە لە دژی شیعە ، ئایا بۆردوومانی فەللوجە ،چ پێویستی بەمۆلەتی پێشوەختی هەیە ، ئەی بۆ مۆڵەتەكە عەللاوی بیدا كە لەسەر پۆستی شیعەیەو فەللوجەش سوننەیە ،ئەی بۆ چی هەرلەو رۆژە -بالزات- خودی عەللاوی مۆلەتی چاپ كردنەوی حەوزە بدا؟ بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەمانەش ،دیارە كارەكەی عەلاویش وەك كارەكەی زەرقاوی ئاواتەكەی ئەمریكای نەهێنایە دیو شارە شیعەو سوننیەكان هەلیان نەكوتایە سەر یەكتر و خوا یار بی- هەرگیز ئەو ئاواتەی دوژمنانی عیراق نایەتەدی وخەلكی باشوور وەك هی كوردستان خۆش باوەڕ وهەڵەشەو ساویلكە نین ، -سونیەكانیش بەهەمان شێوە تەواوكەری یەكترن ،هەیئەی زانایانی سوننە بەئاشكرا پشتگیری موقاوەمە دەكا و باڵی سیاسی موقاوەمەیە .حزبی ئیسلامی هەولی رێك خستن و تابۆی بكرێ بزركردن و دەرباز كردنی چەكدارانی فەللوجە دەدا و لەو میانەشدا سڵ لە دەسەلات بەخشین بە بەعسیەكانیش ناكاتەوە چونكە بەحسابی ئەو بە سوننە حسابن . دەوڵەتانی كەنداوو مصرو سوریا تا دوێنێ بە ئەمریكایان دەگوت:

ئێمە دەرگەوانی دیلەكانی تۆین ،ئەوەتا هەرچی ئیسلامی دوژمنی سەرسەختی تۆیە لە زیندانمان كردووە ،ئیتر بێڵە با بەزۆرداری وگەندەیی حوكم بكەین و دەمی ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤمان بۆ ببەستە ، بەلام ئەمرۆ ئەمریكای بەناو پارێزەری مافی مرۆڤ و پارێزەری گەندەلترین و تاكرەوترین رژیم لەجیهاندا كە ولاتە عەرەبیەكانن بە عیراقی صەدامیشەوە ،ئەمریكای توشی شەرمەزاری كرد و بۆیە هەم بۆ دوو سێ بۆشكە نەوتی زیاترو هەم بۆ گەلالەكردنی سیناریۆیەكی تر بۆ چاوبەستی ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ .

ئەمرۆ ئەمریكا داوای چاكسازی لە رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورەدا دەكا ،سوریاش وەلامی ئەم داوایەی ئەمریكا بەوە دەداتەوە كە دەرگا والا دەكا لە بەردەم ئیسلامیەكان تا بتوانن لە هەموو دامو دەزگاكانی ولات بەشداری كاریگەر بكەن ،ئەمەش لەرقی عومەر نەك لە خۆشەویستی عەلیدا، -توركیای دەروازەی ناتۆو خاوەنی پێگەی چەكوشی ئامادەو هاوپەیمانی سەرەكی ئسرائیل ،لە دوای كەم كرانەوەی یارمەتیە سەربازیەكانی و دەستی دەستی پێكرانی لە لایەن یەكێتی ئەوروپاوە ،لەبریاریكی یاخیئامێزدا بریاری دا كە درچوانی قوتابخانە ئاینیەكان لە هەموو رۆل وكاروباری ولات بەشدار بن، هەروەها پەیوەندی لەگەل ئیسرائیل دەگاتە رادەیەك كە بالیۆز لە تل ابیب بكێشێتەوە. توركیا كە بە درێژایی —٧٠- سال هەر لەبیستەكانەوە بەو جۆرە لە ئاغاكانی یاخی نەبووە و دیمیریل وچیلەرو ئەجەوید و یەلماس — عەلمانیە توندرەوەكان -هەموویان نەیان توانی بەوجۆرە نا تۆ وا لێ بكەن كە ٢٦ ولاتی ناتۆ لە ئەستەنبول كۆببنەوەو یەكەم راگەیاندنی جۆرج بۆشی سەرۆكی گەورەترین زلهێزی دنیا ئەوەبێ: من زۆر رێز لەو ئەزمونەی ئیوە دەگرم ،كە توانیوتانە دەولەتێكی ئیسلامی بن ولەهەمان كاتدا باوەرتان بە دیموكراتی وحوكمی یاساو ئازادی هەبێ.) لیرەدا دەتوانین ئەو بنەمایە هەلێنجین كە دەلێ: لەدنیای سیاسەتدا یاخی بوونی دۆست و سەركاری بچووك لە ئاغای گەورە پاداشتەكەی دەستەمۆبوونی ئاغایە مادام ئاغا پێویستی بەو سەركارە بێ. دەبا سیاسەتمەدارانی كوردیش ئەم وانەیە لە ئوردوغان فێربن و بزانن كە یاخی بوون هاوپەیمانە دۆستە لوت بلندەكانیان دەستەمۆتر دەكا. بۆش هەر لەو كۆنگرە داوای لە سەرانی یەكێتی ئەوروپا كرد كە كاتێ دیاری بكەن بۆ چوونی توركی بۆ ناو یەكێتی ئەوروپا ،هەر لەوێش جەنابی سەرۆك بۆش بێپرس و راویژ بە كوردە هاوپەیمانەكانی، بەلێنی دایە توركیا كە بە هاوكاری هەموو لایەك لە دیوی كوردستانی عیراقەوە شەری (پەكەكە) بكەن . دیارە كە جەنابی سەرۆك بۆش ئازادی ودیموكراتیو ئیسلامەتییكەی توركیای لە —٥٠٠٠-گوندە خاپور كراوەكەی كوردستان و لە قەدەغە كردنی زمانی كوردی وجلوبەرگی كوردی و بێبەش كردنی گەورەترین پارچەی كوردستان لە سەرەكیترین مافەكانی وپركردنی زیندانەكان لەرۆلەكانی گەلی كوردا دەبینێ، لێرە بۆمان دەردەكەوێ كەئەمریكا باوەری بەخەباتی رزگاری خوازی نەتەوەی كورد نیە و هەر كاتێ ئەم نەتەوە هاتە چوارچیوەی بەرژەوەندیەكانی ئەوا وەكو كارتێكی فشاری كاتی بەكاری دێنێ، ئەگەرنا هەموو ئازادیخوازێكی بەویژدان هیچ جیاوازیەك نابینێ لەنێوان خەباتی گەلی كورد لەباكور لەگەلّ خەباتی گەلی كورد لە كوردستانی باشووردا ،مەگەر ئەوانیش هەر لە بیستەكانی ئەم سەدەی بیستەوە خەباتیان نەكردووە؟

لێرەدا پێویستە بپرسین :كەسیاسەتمەدارو جەماوەری كوردستانی باشوور تا چ رادەیەك باوەریان بەرەوایی خەباتی براكانیان هەیە لە باكوور ؟ ئێمە لەم رۆژانەدا ئەم هەموو پاریزەرە عەرەبە دەبینین كە ژیانی خۆیان خستوەتە مەترسیەوەو بەرگری لە صەدام دەكەن ،لەكاتێكدا دەزانن كە صەدام چ درندەیەكە ،بەلام ئەوان بروایان وایە كەبەرگری لە صەدام بەرگریە لە عەرەبایەتی ، با بەراوردی ئەمە بكەین لە گەل دادگایی ئۆجەلان ،خۆ ئەگەر خۆمان گێل نەكەین

هەموو له سەر ئەوە كۆكین كه ئۆجەلان –بیروراى سیاسى هەر جۆرێك بێ سەركردەیەكی بزاڤی رزگاریخوازی كورده لەیەكێك لەپارچەكانى كوردستان ،ئایا چەند پارێزەرى كوردى باشوور توانیان كۆت وپێوەندى تەسكى حزبایەتى بپسێنن و كالأو پێتاوى نەتەوە بپۆشن و ناوى خۆیان لەگەڵ بەرگرى كارانى ئۆجەلان بنووسن ؟ خۆ هەرچەنده كەواشیان بكردایه ، لەدووماڵەكەی هەرێم چاوەرێى ئەوە نەدەكرا وەك نێردەى پاریزەران و جەماوەرى كوردستانى باشوور بیان نێرێ بۆ توركیا تا لەوێ بگیرێن ،بەڵكو هەر له هەولێرو سلێمانى دەنگەكانیان دیزه بەدەر خۆنه دەكراو دەگیران ،بەلام كه كرابایه بێلایەنى و سەربەخۆیى دەسەلأتى قەزایى له كوردستان دەسەلماند .

بابێینه سەر ئێران ،كه بۆ چاو بەست كردنى رۆژئاوا و بۆ –احتوا-كردنى هەر بزاڤ و سەر هەڵدانێك كه لەدەرەوەى جوغزى ویلایەتى فەقیهەوە بێ، ئەوان لەناو خۆیان دا خۆیان دابەش كردووە بۆ دوو دەستەى به روالەت دژ بەیەكى پاریزكار وچاكسازى خواز كه سەرزارەكى شیروتیر لەیەكتر دەسوون و لەژێریشەوە بەرهەمى ئەم دژایەتیه تەكتیكیه بەبرابەشى و تەبایى دەخۆن . -لەفەلەستین ،هەرچەنده ئیسرائیل هەوڵ دەدا كه فەتح و جیهاد و حەماس بكاته دووبەرەى جیاوازو دژ بەیەك ،كەچى نەك هەر نەى توانیوە ،بەلكو احمد قریع هەموو پارته ئیسلامى و چەپ وراستەكان فەلەستینى كۆ كردۆتەوە بۆ پێك هێنانى بەرەیەكى نیشتمانى فەلەستینى ، چونكه عەرەبەكان بەگشتى ئەو چاكەیان لەبیر نەچوەكه شۆرشەكانى خەتابى لەمەراكش و میر عبدالقادرو ابن بادیس لەجەزائیرو عمر مختار لەلیبیاو عرابى ومحمد عبده لەمصر و شیخ شعلان له عیراق..هتد هەمووى به هۆى پیشەوایانى ئاینىو رۆلى دیندارى بوەته هۆى ئەوەى كەسەروەرى نیشتمانى بۆ عەرەبەكان بگەرێتەوە تا علمانیەكان بێنه سەرحازر ،خۆ دەبوو كوردیش لەدەلاقەى مێژووى خۆى بیزانیایه كەو شیخ محمود و شیخ احمدى بارزان و مەلا مستەفاى بارزان لەباشوورو قازى محمد لەرۆژهەلأت و شیخ سەعیدى پیران و نەهرى لەباكوور كەبەردى بناغەى شۆرشى دژى داگیركرانیان دانا هەموو پێشەواى ئاینى بوون ،

لێرەدا مەبەستم ئەویه كه ئەو دەست بار بۆ یەكتر گرتن و تەواوكەریه لەناو خودى علمانییەكانیشدا نیه ،سەرانى هەردوو هەرێم بێئاگا لەو هەموو هەله بەفیرۆچوە وا دەزانن كه سلێمانىو هەولێر روسیاو چینن وكەناكۆكیش بن دوژمنه گرگن و كەم بەهاكان زاتیان نیه زیان به سەروەرى ئەم دوو ئیمپراتۆره پان و بەرینه بدەن ،كورد هەر بەم خەیاڵ پلاوەشەوە به ساویلكەیىو بێ رەشنووس ومەرجى پیش وەخت بوونه هاوپەیمانێكى ناهاوسەنگى هاوپەیمانان وبەدەیان هەزار پێشمەرگه بەشدارى جەنگیان كرد و هەموو شارو نەتەوەى خۆیان خسته مەترسییەوە، كەچى لاى ئەمریكا بەهاى ولأتێكمان نەبوو كەسى چل سەربازى بۆ پیاسه ناردوو تا لەبنیات نانەوەى عیراقدا قۆنتەراتچیەكى به قەد بودجەى ساڵێكى هەرێمى كوردستانى بەركەوێ. خۆ هەر پار ساڵ هێشتا نەرێسرابوو نەپێچرابوو ،كەچىلاى هاوپەیمانان شەققەى دەهات ،هاتن زاڵگەكانیان هەل گرتن و باسى چەك كردنى میلیشیاى كوردو هەڵوەشاندنەوەى هەردوو حكومەتەكانى هەرێم وسەپاندنى فیدرالیەتى پارێزگاكان و ..هتد دەكرد بەلأم خوا خێرى گێره شێوێنەكانى باشوور بنوسێ كەلەم بریاره ئەنتیكەو بەپەلانه پەشیمانى كردنەوه

دەبوایه هەر پێش بریارەكەى ١٥٤٦ى ئەنجومەنى ئاسایش كەكۆتایى بەداگیركرانى عیراق هێنا ،دەبوو پێش ئەوە كوردان وازیان لەدوو ماڵەكى بێنابایه ،دەبوایه جەماوەریان لەسەر بڕیار ەنوێیەكەو گەرانەوەى كەركوك بۆ باوەشى

كوردستان ئاگادار كردبايەو پێش دەرچوونی بريارەكە جەماوەريان هان بدايە كە لەهەموو شارو شارۆچكەكانی ناوەوەی ولأت-بەپارێزگای كەركوكيشەوەو هەروەها لەهەندەرانيش ،لەهەموو لايەك خۆ پيشاندان و ياخی بوونی جەماوەری دەستی پێكردباو با هەندێ پەيكەری كوردیو پۆسكارتی حزبەكان و ئالای هەندێ ولاتيش بسوتابايە ،خۆ دنيا خراپ نەدەبوو ئەگەر هێندەك لە سەركردەكانی كورديش تۆنی بلێر ئاسا هاراوەی تەباشيريان بەركەوتايەو لەجياتی گوڵ بارانەكەی پار هەندێ سەربازانی هاوپەيمانيش تەماتەو هێلكە باران بكرانايە ، ئەوسا ئەمە دەبووە كارتی فشاری سياسەتمەدارانی كورد لای هاوپەيمانان و دەيان توانی بلێن كەنەتەوەی ئێمە لێمان نارازی بێ ئەوە لەبەر ئەوەيە كە هاوپەيمانی ئێوە بووين و ئەگەر ئێوە بەرژەوەندی نەتەوەيەكی چەوساوەو هاوپەيمانی وەك كورد لەبەر چاونەگرن ،متمانەی ميللەتانی تريش لەدەست دەدەن و دبێتە هۆی بەهێز بوونی ئەو حزب ولايەنانەی كە هەر چ نەبێ هاوپەيمانتان نين لە كوردستاندا .

لە كۆتاييدا روو بە دولەمەندی كورد دەڵێم :بۆ هەر دەبێ بۆ گوندە بەعەرەب كراوەكان چاوتان لەحكومەت بێ. ئەوەتا دەولەتانی كەنداو بەردهاوێژەكان فەلەستين بەخێو دەكەن ، دەبا ئێوەش چەند پرۆژەيەكی ئاوو بيرو فوتابخانەو خەستەخانە ..هتد بەئەنجام بگەيەنن،وەك گيانێكی كوردايەتی كەتوركيا ١٠٠٠٠-خانو بۆ توركمان دروست بكا ،با خواپێداوانی كورد چاويان لەسەرانی كورد نەبێ كە پەرتەوازەی حزب حزبێن تا سەر ئێسقانيان چوە ، با چەندين گوند ئاوەدان بكەنەوە ،هەروەها سەنديكا پيشەيی ورێكخراوە رۆشنبيريەكان رۆلی كارا ببينن كوردستان وەكو كۆسۆڤۆ ،پێويستی بە برايم رۆگۆڤەی ميانرەوو نەرمونيان هەيە ، بەلام پێويستيشی بە سوپای رزگاری كۆسۆڤۆش هەيە پێويستی بە جەماوەرێكی هۆشيارو ئامادەباش و شۆرش گێرو خوێنگەرم هەتا رادەی شەقاوە گێری هەيە ، يا وەك فەلەستين پيويستی بە روويەكی ئاينی بەهەيبەتی وەك ئەحمەد ياسين هەيە كەقسەو راگەياندن و فتواكانی كارتی فشار بن بەدەست عەرەفاتەكانی كوردەوە .نەك وەك ئيستا كەمامۆستايەكی ئايينی خەباتگێر كە فتواكانی لەرۆژانی رەشی بەعسيشا دژ بە رژێم بوێرانە بوون بەلام كەئەمرۆ بەبوێريەوە قسەدەكا ئەوە دژی ئيجماعی بۆچونی كوردە ،كەمامۆستايەكی ئايينی خاوەنی خەباتی شارو شاخ –مروان بەرغوسی –ئاسا دەگيرێ ،سەركردايەتی كوردی لەجياتی ئەوەی بيكاتە كارتی فشارو سەرنجی ميدياكانی جيهانی بۆ رابكێشێ وەكو كەركوكی دل وقودس پشت گوێی دەخاو هەر باسيشی ناكا .

ئيستا كە كورد كەرەستە خاوی سيناريۆكەی هەيەو سودی لێ نابينێ. خۆ ئەگەر ئەمانە نەبوون دەبێ سەركردايەتی كورد هەول بدا دروستيان بكا چونكە بێ ئەم پالەوانانە سيناريۆكە سەركەوتو نابێ، چونكە هەموو ئەزمونە سەركەوتوەكانی دنيا ئەم توخمانە هەبوون و رۆليان پێدراوە ،ئەو ئەزمونەی ئەمانەی تيا نەبووبێ سەركەوتوو نەبووەو پوكاوەتەوە. بەلأم داخی گرانم ئەزمونی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارێزگاكان بۆ ئەنجومەنی نيشتمانی عيراق بەزەقی ئەوە دەسەلمێنێ كەسەركردايەتی سياسی كورد هەر سوورە لەسەر خۆخۆری و دووبەرەكی ،تەنانەت ئەگەر ئەمە ببێتە هۆی بەيەك جاری لەدەست چوونی ئەم هەلە مێژوويیەش هەروەكو هەلە لەدەست چوەكانی رابردوو.